# من دەنگ بە لیستی کوردستانی دەدەم



مسعود بارزانی ۱۲ ✓



# خەبات وەرزش

هەفتەنامەیەکی وەرزشییە
رۆژنامەی خەبات دەری دەکات

237
یەکشەممە 2009/6/28
8 لاپەرە
250 دینار



5



ڤالانسیا
دەستبەرداری ڤیا نابێت

7



بەڕێوەبەری کەناڵی
العربیە لە دیمانەیەکدا


# ئەمشەو ئەمەریکییەکان دەتوانن هەمان سیناریۆی ئیسپانییەکان لە بەرامبەر بەڕازیل دووبارە بکەنەوە؟



**هاوار مورتکەیی**

ئەمڕۆ پەردە لەسەر دوا یارییەکانی پاڵەوانێتی جامی کیشوەرەکان لە تۆپی پێ دادەدرێت، کاتێک دوو یاری بۆ دەستنیشانکردنی پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم ئەنجام دەدرێت، کاتژمێر چواری ئێوارە بەکاتی هەولێر و لە شاری جۆهانسبێرگ لەسەر یاریگەی ڕافۆکینگ ڕۆیال، هەردوو هەڵبژاردەی ئیسپانیا و خوارووی ئەفریقا بەیەک دەگەن، لەم یارییەدا ماتادۆرییەکان ئەرکیان هێندە لە یارییەکەی پێشووتریان ئاسانتر نییە، کە لە بەرامبەر خاوەن جەماوەر و یاریگە ڕووبەڕووی خوارووی ئەفریقا دەبێتەوە کە ئەمەی دواییان لە یاریی پێشووتریان لە بەرامبەر یاریزانانی هەڵبژاردەی بەڕازیلی بڕوایەکی باشیان بۆ خۆیان بەدەستهێنا و بۆ ئەم یارییەش دەزانن چۆن لە نزیک گۆڵی پاڵەوانانی ئەورووپا نزیک ببنەوە. هەڵبژاردەی ئیسپانیا کە خەونیان بەوە دەبینی لە یاریی کۆتاییدا بەرامبەر بەڕازیل یاری بکەن، پێناچێت بەو گڕوتینەی جارانیان یاری بکەن، یاخود بتوانن ئەو جەماوەرە زۆرە کپ بکەن. لە دوای ئەو یارییەش هەردوو هەڵبژاردەی بەڕازیل و ئەمەریکا کاتژمێر نۆونیو بەکاتی هەولێر و لەسەر یاریگەی ئێلیس پارک لە شاری جۆهانسبرۆگ لەسەر نازناوی پاڵەوانێتییەکە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. هاوکێشەکانی ئەو یارییەش کە مارتن هانسۆنی ناوبژیوانی سویدی بەڕێوەی دەبات، هەمووی لە بەرژەوەندیی بەڕازیلییەکانە کە پارێزگاری لە نازناوەکە بکەن، بەڵام لەتۆپی پێشدا هەموو شتێک چاوەڕوانی لێدەکرێت لە ماوەی 90 خولەکدا ڕووبدا، بەتایبەتی لە ئەنجام و گۆڕینی ئەنجامدا، هەروەک لە یارییەکەی نێوان ئیسپانیا و ئەمەریکادا ڕووی دا.

## سبەی هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو ئینگلتەرا لە یاریی کۆتاییدا

وا بڕیارە سبەی هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو ئینگلتەرا لە یاریی کۆتایی لاوانی ئەورووپا کەمتر لە 21 ساڵ ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، هەڵبژاردەی ئینگلتەرا توانی بگاتە یاری کۆتایی دوای ئەوەی لە لێدانی سزای یەکلاکەرەوە سەرکەوت بەسەر هەڵبژاردەی سوید کاتێک لە کاتی یاسایی بە 3–3 گۆڵ بەرامبەر بوون، هەروەها هەڵبژاردەی ئەڵمانیاش لەلایەن خۆیەوە سەرکەوت بەسەر هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کە 5 جار توانیویەتی ئەو نازناوە بەدەست بێنێت بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر، شایانی باسە هەڵبژاردەی ئینگلتەراو ئەڵمانیا لە قۆناغی گرووپەکانیش ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و بە گۆڵێک بۆ هەردوولا یارییەکە کۆتایی پێهات، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەڵمانیا دەتوانێت بۆ یەکەمینجار لەمێژووی ئەو پاڵەوانێتییە بتوانێت نازناوەکە لەباوەش بگرێت، یاخود ئینگلتەرا نازناوێکی دیکەش دەخاتە سەر دوو نازناوەکانی دیکەی.

**نەبەز ڕوستایی**

## ئەمڕۆ ئەنجامی یارییەکەی هەولێر و پێرس یەکلا دەبێتەوە

لە میانی خولی تۆپی پێی نایابی ئێراق کە لە یاریگەی شاری دهۆک بەڕێوەچوو تا خولەکی 92 ئەنجامی یارییەکە بەبێ گۆڵ ڕۆیشت، بەڵام لە خولەکی 93 ی یارییەکە ناوبژیوان ئازاد حاتەم لێدانێکی پەناڵتی بۆ یانەی هەولێر ژمارد کەچی جەماوەری وەرزشیی یانەی پێرس ڕژانە نێویاریگەکە و گرفتیان نایەوەو نەیانهێشت یانەی هەولێر لێدانی پەناڵتییەکە جێبەجێ بکەن، هەر بۆیە یارییەکە لەلایەن ناوبژیوانی یارییەکە بەڕاوێژکردن لەگەڵ سەرپەرشتیاری یاری کۆتایی پێهێندرا، خەباتی وەرزش بۆ دەستکەوتنی زانیاریی دروست لە بارەی ئەنجامی یارییەکەوە پەیوەندیی بە عەبدولخالق مەسعود ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی ئێراقەوە کرد و ئەمیش لە وەڵامدا گوتی: لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی یەکێتی تۆپی پێی ئێراق ئەنجامی ئەم یارییە یەکلا دەبێتەوە، بەڵام من وای بۆ دەچم کە ئەنجامەکە لەبەرژەوەندیی یانەی هەولێر 3–0 بێت، چونکە لێدانی پەناڵتییەکە لە 100% ڕاست و دروست بوو، جەماوەری تیپی بەرامبەر بوونە بەربەست لە ڕێگای لێدانی پەناڵتییەکە.